


# گۆڕینی دەسەڵات لە سووریا و داهاتووی ناڕوونی ڕۆژاوا

## گفتوگۆی ئەستێڵ ئینسایت لەگەڵ ڕەنج نەوزاد

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# گۆڕینی دەسەڵات لە سووریا و داهاتووی ناڕوونی ڕۆژاوا

گفتوگۆی ئەستێڵ ئینسایت لەگەڵ **ڕەنج نەوزاد**

ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**ئەستێڵ:** ئەم کاتەتان باش بەڕێز نەوزاد، مژارەکە سەرەتا وا بکەینەوە؛ **ڕووداوە گرنگەکەی سووریا کە ڕووخـانی دەسەڵاتی ئەسەدی لێ کەوتەوە لەگەڵ خۆی گۆڕانکاری و بەریەککەوتنی جۆراوجۆری هێنا. ئاشکرایە کورد لە ڕۆژاوا یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانە کە هەم بە پرسی ناوخۆی سووریا و هەم بە جـموجۆڵی هێزەکانی سەر بە تـورکیا پەیوەنـد ئەدرێتەوە. بەرپـرسـانی ڕۆژاوا بەڵێنیان بە دەسەڵاتی نوێی دیمەشق داوە کە دەیانهەوێت لە داهاتووی سووریادا بەشدار بن. بە بڕوای ئێوە ئەم بەڵێنە دووایینەی کورد ئاکامی چ ڕووداو و گۆڕانکارییەک لە ڕۆژانی ڕابردوو بوو؟**

**نەوزاد:** لە ئـــاکامی گۆڕانی ئەو دۆخ و هـــاوکێشە و زەمـــینە و فـــاکتەرانە بـــوو کە قەوارەی رۆژاوای کوردستانی تیا درووست بوو و بە گشتی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی. سەرەتا پێویستە ئەو فاکتەرە سەرەکییانە دیـاری بکەیـن کە بـوونە هۆکاری درووسـتبوونی ئەو دەسەڵاتە سـیاسـیەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان؛ هەروەهـا بـپرسین لە چ دۆخێکدا درووسـت بـوو؟ چ گەمە و هـاوکێشەیەکی ژێئۆپۆڵیتیکی هەبوو لەو کاتەدا؟

ڕووداوەکانی ٢٠١١ لە نـاوچەکە و لە سـووریـا بـووە هۆکاری کەوتنی سـووریـا وەک دەوڵەتێکی خـاوەن سەروەری کە هەمـــوو خـــاکی وڵاتەکەی لە ژێـر کۆنـتڕۆڵ بێـت و نـــوقـــمـبـوونی ئەو وڵاتە لە شەڕ و نـاسەقـامـگیری و پەشێوی. وەک زۆربەی کات، لاوازی حکومەتی چـوار وڵاتە داگـیرکەرەکەی کوردسـتان، ڕوودانی شەڕ و نـاسەقـامـگیری لە نـاویانـدا، لە بەرژەوەنـدی کوردە و دەبێتە مـایەی بەدەسـتهێنانی کۆمەڵێک مـاف و دەسـتکەوتی سـیاسی و نەتەوەیی گـرنـگ لە لایەن کوردەوە. هەر ڕووداوەکانی ١٩٩١ و ٢٠١٤ لە عێراق بووە هۆی دەستکەوت بۆ کورد و بەهێزبوونی پێگەکەی.

کاتێک سـووریـا کەوتە ئەو دۆخەوە، بـووە گۆڕەپـانی مـلملانێیەکی ژێۆپۆڵیتیکی ئـاڵۆز؛ ئێران و پـاشـان ڕووسـیا بـوونە دوو یاریکەری سەرەکی ئەو هـاوکێشەیە. لە دووای کەوتنی سۆڤیەتەوە ئەوە یەکەمجار بوو ڕووسیا ئامادەیی و چالاکییەکی سەربازی و سیاسی گرنگی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنواند، جگە لەوەی هەر لەو کاتەدا بـوو نـیمچە دوورگەی کرێمیای داگـیر کرد لە ئۆکرانـیا، ئەم دوو ڕووداوە وەک زەنگێکی مەتـرسـیدار تەمـاشـا دەکرا لە لایەن ئەمـریکاوە. بە هۆی دۆخی سـووریـاوە، ئێران هـیلالە

شیعییەکەی خۆی لە واقعدا نەخشاند، ئەمەش هەڕەشەیەکی تر بوو لە پێگە و هەژموونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لەوەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیڵ کە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەمریکا. هیلالی شیعیی ئێرانی، لە سێ لاوە گەیشتە سنوورەکانی ئیسرائیڵ (سووریا، لوبنان، فەڵەستین).

ئەم فاکتەرە و چەندین فاکتەری تر، وای لە ئەمریکا کرد بڕیار بدات بە پاساوی شەڕی داعش، بچێتە ناو گۆڕەپانی سووریا بۆ ڕێگرتن یان ململانێ و چاودێریکردن... بۆ ئەوەی سووریا بە تەواوی نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا و ئێران کە هەردوو دەوڵەت دۆستی چین-ن کە ڕکابەری سەرەکی ئەمریکایە لەسەر ئاستی جیهانیدا. بۆ ئەوەی ئەمریکا شوێنی خۆی بکاتەوە لەو گۆڕەپانە، دەبوو ناوچەیەک یان گرووپێک هەبن کە پێشوازی لە هاتنی ئەمریکا بکەن و جێگەپێی بکەنەوە. بەشێکی سەرەکی ئەو ناوچەیە ڕۆژاوای کوردستان بوو و سەرەکیترین گرووپیش کوردەکان بوون. ئەمە یەکێک بوو لە دوو فاکتەرە سەرەکییەکەی درووستبوون و مانەوەی قەوارەی ڕۆژاوای کوردستان تا بە ئەمڕۆ، بە تایبەت ئەگەر ئامادەیی ئەمریکا نەبوایە، تورکیا ڕێگەی نەدەدا ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەو شێوەیە درووست بێت و بمێنێتەوە؛ لایەنی کەم بەو قەبارە و هێزە نەدەبوو.

فاکتەرە سەرەکییەکەی تر بریتییە لە پەیوەندی نێوان پەکەکە و بنەماڵەی ئەسەد. ئاشکرایە دەسەڵات و هەژموونی کورد لە ڕۆژاوا بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی پەیەدە/یەپەگە و پاشان هەسەدە بوو، کە گرووپێکی نزیک لە پەکەکەیە، ئەگەر نەڵێین لقی پەکەکە بووە لە رۆژئاوای کوردستان. بەشار ئەسەد پێی باش بوو ناوچە کوردییەکان شەڕ تیایدا ڕوو نەدات و هێزەکەی خۆی تەرخان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرینەی خەڵکی سووریا کە عەرەبی سوننەن. لەو دۆخەدا بڕیاری دا شارە کوردییەکان بە بێ شەڕ ڕادەستی پەیەدە و هەسەدە بکات، چونکە پێیوابوو لەگەڵ ئەوان بە هۆی پەکەکەوە پەیوەندییەکی باشی هەیە و لە پاش ئارامبوونەوەی دۆخەکە دەتوانێت ئاسانتر دووبارە ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە، یان ئاسانتر لەگەڵیاندا بگاتە جۆرێک لە ڕێککەوتن. بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەو ناوچانە بکەوتنایەتە ژێر دەسەڵاتی گرووپە سوونییەکان یان تورکیا، ئەوە جگە لەوەی سوپای سووریا و هاوپەیمانەکانی ماندووتر دەبوون لە کاتی جەنگەکە، زۆر قورستریش دەبوو کە بگاتە ڕێککەوتن

لەگەڵیاندا لە ئەگەری ئارامبوونەوەی دۆخەکە. ئەم فاکتەرە وای کرد کە ڕووسیا و ئێران میلیشیاکانی لەگەڵ هەسەدە پەیوەندییان باشتر بێت بە بەراورد بە پەیوەندییان لەگەڵ هێزە سوونییە جیهادییەکانیتر. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە هەندێک جار ڕووسیا و سوپاکەی ئەسەد هاوکاری هەسەدەیان دەکرد دژ بە گرووپەکانی سەر بە تورکیا.

ئەمریکا ئاگاداری ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشانە بوو، بەڵام قبوڵی کردبوو و توانی بۆ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆی بیقۆزێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم قبوڵکردنە ئەوە بوو کە هەسەدە تا ڕادەیەکی باش توانی هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەد و هاوپەیمانەکانی و، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا.

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئەو هاوکێشە و هاوسەنگی و فاکتەرانە بوون کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە درووستبوون و مانەوەی قەوارەی ڕۆژاوای کوردستان بە نوێنەرایەتی هەسەدە. ئەم هاوکێشە بۆ چەندین ساڵ بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا ڕووداوەکەی ٢٧ـی نۆڤامبری ٢٠٢٤ کە دەستەی تەحریری شام دەستی بە ئۆپراسیۆنەکەی کرد و لە ٨ـی دیسامبری ٢٠٢٤ بە فەرمی ڕژێمەکەی ئەسەد ڕووخا. ڕووخانی ئەسەد کۆی هاوکێشە و هاوسەنگییەکانی پێشووی گۆڕی و قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد لە سووریا. لە قۆناغی نوێدا جارێ ڕوون نییە هاوکێشە و هاوسەنگییەکان و سروشتی گەمەکە چۆن دەبێت و بکەرە سەرەکییەکانی دەگەنە چ ڕێککەوتنێک یان ململانێیەکی نوێیەوە.

لەم قۆناغە نوێیەدا زۆربەی ئەو فاکتەرانەی کە هاوکار بوون بۆ مانەوەی و بەهێزی هەسەدە گۆڕدران. سەبارەت بە فاکتەری ئەمریکا کە سەرەکییە بۆ درووستبوون و مانەوەی قەوارەی ڕۆژاوا، ئەوە ئامادەیی ئەمریکا لە سووریا بە شێوەیەکی سەرەکی سێ هۆکاری هەبوو: 1. پاساوی شەڕی داعش، کە ئەمە هۆکارێکی فەرمی بوو، زیاتر پاساوێک بوو بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکاری دووەم و سێیەم؛ 2. ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکەی ئێران، کە ئەمە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە؛ 3. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووسیا وەک یەکێک لە رکابەرەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی سیستمی جیهانی؛ دوو هۆکارەکەی دوایی پەیوەندییان بە پرسی هەژموونی چینەوە هەیە کە

گرنگترینە بۆ ئەمریکا. هۆکاری یەکەم ساڵانێکە کاڵ بووەتەوە، چونکە حوکمڕانی داعش کۆتایی هات و بەرەو لاوازی چووە، جگە لەوەی هەر لە سەرەتاوە، وەک ئاماژەی پێکرا، پاساوێکی فەرمی و یاسایی بوو بۆ مەبەستێکی تر. هەر بۆیە لە پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داعش، ئەمریکا هەر مایەوە لە هاوکێشەی سووریا. سەبارەت بە هۆکاری دووەم و سێیەم ئەوا بە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد هەژموونی ڕووسیا و ئێرانیش بەرەو ئاوابوون دەچن. واتە لە ئێستادا هەر سێ هۆکارە سەرەکییەکەی ئامادەیی ئەمریکا لە سووریا بەرەو کۆتایی دەچن. ئەمەش ئەگەر ببێتە مایەی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا و ڕۆژاوای کوردستان، بە تایبەت لە سەردەمی ترامپ، ئەوا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر دەسەڵاتی هەسەدە و کورد لە ڕۆژاوا.

لە قۆناغی پێشوودا بەرەی ئەسەد بە هۆی پەکەکە و چەندین هۆکاری تر، بە ناڕاستەوخۆ و بۆ ماوەیەکی کاتی دەسەڵاتی هەسەدە و کوردییان قبوڵ کردبوو. تەنانەت هەندێک جار بەرانبەر بە هەڕەشەکانی تورکیا و میلیشیاکانی، هاوکاری هەسەدەیان دەکرد. لە قۆناغە نوێیەکەدا ئەم فاکتەرەش نەماوە.

تورکیا کە هەڕەشە و دووژمنی سەرەکی ڕۆژاوا بوو لە قۆناغی پێشوودا، لەم قۆناغە نوێیەدا یەکێکە لە براوەکان و هەژموونێکی گەورەی هەیە بەسەر کۆی هاوکێشەکەدا. لە قۆناغی پێشوو بەرەی ئەسەد زۆرترین ڕووبەری خاکی سووریایان کۆنترۆڵ کردبوو، پاشان هەسەدە و ئەمریکا، ئینجا تورکیا و میلیشیاکانی. لەم قۆناغەی ئێستادا تورکیا زۆرترین ڕووبەری بەدەستەوەیە، جگە لەوەی هەژموونی سەرەکی بەسەر دیمەشقدا هەیە. لەم قۆناغەدا، هەنگاو و سیاسەتەکانی تورکیا لەگەڵ بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئەمریکادا دەگونجێت، بە تایبەت لە سەرەتادا کە بەشداربووییەکی سەرەکی بوو لە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و شکاندنی هیلالی شیعی ئێران، ئەمە وەک جێبەجێکردنی ئامانجە سەرەکییەکەی ئیسرائیل بوو. لە ڕاستیدا لە پرۆسەی ڕووخانی ئەسەد، ئیسرائیل زەمینەکەی ڕەخساند و تورکیا جێبەجێی کرد. ئەمەش گومانێک درووست دەکات سەبارەت بە ئەگەری هەبوونی ڕێککەوتنیکی نەهێنی لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا سەبارەت بە دۆزی سووریا؛ نازانرێت ئەو ڕێککەوتنە

تەنیا لەسەر ڕووخانی ئەسەد و دەرکردنی ئێران بووە لە سووریا، یان خود لەسەر داهاتووی سووریا و لێکەوتەکانی ئەو ڕووداوەشە.

ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی پرسیارەکە، ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە لە هاوکێشە و سروشتی ململانێکەی سووریا کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، گومان و ترس و دڵەڕاوکێی لای هەسەدە درووست کرد، هەر بۆیە لە حەفتەکانی سەرەتادا، لێدوان و سیاستەکانی زیاتر مۆرکێکی بەرگری و سازش و ترسی پێوە دیاربوو. وا دەردەکەوت کە دەیویست دەسەڵاتە نوێیەکەی دیمەشق لە خۆی ڕازی بکات و نیگەرانییەکانی تورکیا کەم بکاتەوە. ئەمە لە ئێستادا تا ڕادەیەک گۆڕاوە، لێدوان و جوڵەکانیان زیاتر لە بەرگری و سازشەوە بەرەو هێرش و داواکاری دەچێت. وا دیارە لە سەرەتای کەوتنی ئەسەد، هەسەدە چاوەڕوانی ئەو سیناریۆ خێرا و گۆڕانکارییە ڕیشەییە نەبوو، یان ئاگاداری پلانەکان نەبووە. ڕەنگە لە ئێستادا پێی وابێت کە ئیسرائیل و ئەمریکا ڕازی نین بەوەی ئەردۆغان ببێتە بڕیاردەری سەرەکی لە سووریا، ئەمەش واتە پارێزگاری لە پێگەی کورد، یان خود ڕێگرتن لە ڕووخانی، وەک ئەوەی ئەرۆغان دەیخوازێت. دەکرێت گفتوگۆ و هەندێک بەڵێن و ئاماژە ڕوویدا بێت لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ هەسەدە کە جۆرێک دڵنیایی بە کوردەکان داوە لەو بارەیەوە، لە سەرەتادا وا دیارە ئەم گفتوگۆ و دڵنیاییە نەبووە.

**ئەستێڵ: سەرەتایەکی مێژوویی وردتان بۆ گەیشتن بە باسی سیناریۆکانی بەردەم سووریا و ڕۆژئاوا پێشکەش کرد؛ هەر لە چوارچێوەی ڕۆڵی دەرەکی لە داهاتووی سووریا، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتەکەی جۆلانی بتوانێت ئاستی داخوازییە فەرمییەکەی تورکیا کە چەککردنی هەسەدە و تەنانەت کۆنترۆڵی خاکی ڕۆژاوایە، دابەزێنێت و کۆنترۆڵی کورد لەو ناوچەیە بەردەوام بێت؟ بە لەچاوگرتنی ئامادەیی کەم تا کورتی هێز و موستەشارە ئەمریکییەکان لە ڕۆژاوا.**

**نەوزاد:** لە ئێستادا یاریکەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سووریا بریتین لە ئیسرائیل، ئەمریکا و تورکیا. جۆلانی بە بێ ئەو سێ دەوڵەتە ناتوانێت بمێنێتەوە و سووریایەکی نوێ درووست بکات. کەواتە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی و ویست و بەرنامەی ئەو سێ دەوڵەتە فاکتەرێکی سەرەکی دەبن لە درووستکردنی داهاتووی سووریا.

ویستی ئەمریکا و ئیسرائیل لە سووریا ئەگەر هاوشێوەی یەکتریش نەبن، ئەوا زۆر لە یەکەوە نزیکن؛ بەڵام ویستی تورکیا لە هەندێک ڕووەوە، بە تایبەت سەبارەت بە دۆزی کورد لە ڕۆژاوا، جیاوازە لەگەڵ ئەمریکا/ئیسرائیل. تورکیا دەیهەوێت قەوارەی ڕۆژاوای کوردستان لەناو ببات، ئەمریکا/ئیسرائیل لەسەر ئاستی فەرمی بە ڕوونی، لەسەر ئاستی واقعی تا ڕادەیەک بە ڕوونی، وا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەن قەوارەی ڕۆژاوای کوردستان بە شێوەیەک لە شێوەکان، بمێنێتەوە. ڕاستە تورکیا وا خۆی پێشان دەدات کە ڕێبەرایەتی پرۆسەی ڕووخانی ئەسەدی کردووە، لە میدیاکانیش ئەمە ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەردۆغان باش دەزانێت بە بێ گورزەکانی ئیسرائیل لە بەرەی ئێران، بە تایبەت لە حزبوڵا، ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی بەو شێوەیە ڕژێمی ئەسەد بڕوخێنێت. لە ٢٠١١ەوە تورکیا هەوڵی ڕووخانی ئەسەدی دەدا و شکستی هێنا. تەنانەت تا چەند مانگێک پێش ئێستا، ئەردۆغان بەردەوام داوای لە بەشار ئەسەد دەکرد کە بە یەکەوە دانیشن و پەیوەندییەکانی تورکیا و سووریا ئاسایی بکرێتەوە، ئەسەد ڕازی نەدەبوو. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەردۆغان بێ هیوا ببوو لە ڕووخانی ئەسەد؛ بەڵام ئیسرائیل دووبارە ئەو هیوایەی بۆ ئەردۆغان گەڕاندەوە. بە کورتی ئەوەی تورکیا بە سیانزە ساڵ پێی نەکرا، ئیسرائیل بە سیانزە ڕۆژ کردی. لێرەوەیە تورکیا ناتوانێت ڕۆڵ و ویستی ئیسرائیل لە سووریا پشتگوێ بخات. هاوکات هەبوونی سوپای ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان تا ئەمرۆ، وا دەکات تورکیا نەتوانێت بەو شێوەیە گورز لە کورد بدات کە خۆی دەیهەوێت.

هەروەها جۆلانی لە هەمووان باشتر دەزانێت بە بێ لێدانەکانی ئیسرائیل لە بەرەی ئێران نەیدەتوانی ببێت بە دەسەڵاتداری یەکەمی سووریا. دەستەی تەحریری شام پێشتر تەنیا ٢-٣٪ خاکی سووریای کۆنترۆڵ کردبوو، ڕژێمی ئەسەد و هەسەدە و میلیشیاکانی سەر بە تورکیا، تەنانەت سوپای ئازادی

سـووریـاش، لە دەسـتەی تەحـریـری شـام زیاتـر ڕووبەریـان کۆنترۆڵ کردبـوو. ئەگەر ڕێککەوتـنە نێودەوڵەتـییەکان نەبـوایە لە نـاوچەی ئـیدلـب و بـاکووری سـووریـا، ئەوا ئەسەد و میلیشـیاکانی ئێران تەحـریـری شـامـیان وێران دەکرد و کۆتـاییان بە دەسەڵاتەکەی دەهێنا لەو نـاوچـانەدا. زۆربەی کات نـاوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جۆلانی لە ژێر بۆردومـانی سـوپـاکەی ئەسەد و میلیشـیاکانی ئێران و فڕۆکەی ڕووسی بـوو. کاتێک ئەم هێزە بـچووکە لە مـاوەیەکی کورت زۆربەی خـاکی سـوریا کۆنترۆڵ دەکات، ئەوا هۆکاری سەرەکی ئیسـرائیڵ بـووە نەک خـودی دەسـتەی تەحـریـری شـام. بۆیە جۆلانی بە ئەگەری زۆرەوە دڵنیایە هەر وەک چۆن ئیسـرائیل ڕێگەی بۆ خۆش کرد ببێتە کەسی یەکەمی سـووریا، ئـاواش دەتوانێت کێشەی گەورەی بۆ درووست بکات و تەنانەت دەسەڵاتیشی لێ بسەنێتەوە.

هاوکات جۆلانی ئەوەش دەزانێت بە درێژایی چەندین ساڵی حوکمی تەحریری شام لە ناوچەی ئیدلب، تـورکیا هـاوکاری کردووە و تەنـیا سـنووری ئەو دەوڵەتەی بەرانـبەر کراوە بـوو. بە بێ تـورکیا دەسـتەی تەحـریری شـام نەیدەتـوانی بمێنێتەوە. لە ئێستاشـدا تـورکیا سەرەکیتریـن دەوڵەتە بۆ پشـتگیری کردنی دیپلۆمــاسی و کۆکردنەوەی هــاوکاری ئــابــووری بۆ دەسەڵاتەکەی جۆلانی. لێرەوەیە جۆلانی بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، پێویستە هاوسەنگییەک ڕاگرێت لە نێوان ویستی تورکیا و ئیسرائیڵ؛ چونکە بە بێ ئەو دوو دەوڵەتە ناتوانێت پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی بکات.

کەواتە ئەگەر بەرژەوەندی ئیسرائیڵ/ئەمریکا ئەوە بخوازێت قەوارەیەکی کوردی هەبێت لە سووریا، ئەوا جۆلانی قـورسە بـتوانێت تەنـیا ویسـتی تـورکیا جێبەجێ بکات. دەکرێت هـاوسەنـگییەک درووسـت بکات بەوەی قەوارەیەکی کوردی لە دەسـتوور بـچەسـپێنێت، یان قـبوڵی بکات بە هەنـدێک مەرج و سـنوور بۆ ئەوەی تـورکیا نـیگەران نەکات. بە هۆی سـروشـت و مێژووی جۆلانی و بـزوتـنەوەکەی، هـاوکات بە هۆی فراوانخوازی ئەردۆغان و گومـان لە خەون و سیاسەتەکانی، ئەگەر زۆرە ئەمریکا و ئیسرائیڵ بیناهەوێت پێگە و هێزی کورد لە ڕۆژاوا بهێڵنەوە بۆ ئەوەی کۆی سـووریـا ڕادەسـتی تـورکیا و جۆلانی نەکرێت، یان هەمیشە کارتێکی گوشار هەبێت کە ئیسرائیڵ و ئەمریکا بتوانن بەکاری بهێنن دژ بە تورکیا و جۆلانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

بە کورتی، ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی ئەو سێ دەوڵەتە پێویســتە بۆ ئەم بــابەتە، ڕێککەوتــن واتە بەشێک لە ویستی تورکیا جیبەجێ دەکرێت و بەشێکی تر ناکرێت. واتە قەوارەی ڕۆژاوا لە ناو ناچێت، بەڵام دەکرێت بچوکتر بکرێتەوە، یان دەسەڵاتەکانی کەمتر بکرێن.

لەوانەیە لە ئێستادا و بە پێی پێدراوەکان ئەو ئەگەرە کەم بێت  کە ئەمــریکا و ئیســرائیلڵ بە تەواوی دەستبەرداری ڕۆژاوای کوردستان بن و ڕادەستی ئەردۆغان و جۆلانی بکەن، چونکە ئەوە پێویستی بەوە دەبێت کە ئەردۆغان کۆمەڵێک بەڵێن و دەستکەوت بداتە ئیسرائیلڵ و ئەمریکا کە تەواوی گومانەکانیان سەبارەت بە داهاتووی سووریا بڕەوێنێتەوە؛ ئەمەش قورسە. لەوانەیە ئەردۆغان هەوڵ بدات ئەم جۆرە ڕێککەوتنە لەگەڵ ترامپ بکات، بەڵام فاکتەری ئیسرائیلڵ ڕێگر دەبێت.

**ئەســتێڵ: گەر ئیمکان و هەڵــبژاردنەکانی ئێستای کورد بۆ بەردەوامی ڕۆژاوا وەکوو دەسەڵاتێکی خۆجێیی یان پێشکەوتنی بەرەو یەکەیەکی سەربەخۆتــر کەم یان بەرتەسک بــووە، ئــایا ئەمە تەنیا دەرەنــجامی نەمــانی ڕژیمە لاوازەکەی ئەسەد بــوو یان کورد لە هــاوکێشە و گۆڕانەکان قــورســایی و توانای بڕیاردانێکی ئەوتۆی نەبوو؟**

**نەوزاد:** پێموایە لەم پــرسەدا فــاکتەری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. درووســتبوون و نەمــان و بەهێزبوون و لاوازبوونی... قەوارەیەکی سیاسی کوردی هەمیشە فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت. هــاوکێشەکە بەڵگە نەویستە، ئەگەر ئەمـریکا و فـاکتەرە دەرەکییەکانی وەک جەنگی کوێت و عێراق نەبــوایە، هەرێمی کوردســتان وەک دیــفاکتۆ لە دایک نەدەبــوو. ئەمــریکا ڕژێمەکەی سەدامی نەڕوخــانــدایە هەرێمی کوردســتان نەدەبــووە هەرێمێکی فەرمی و دەســتووری. ئەگەر شەڕ لە ســووریــا ڕووی نەدایە و ئەمریکا نەهاتایە، قەوارەی ڕۆژاوا درووست نەدەبوو. بە کشانەوەی ئەمریکا و هەڵکردنی گلۆپی سەوز بۆ داگیرکەران، نە هەرێمی کوردستان نە ڕۆژاوا ناتوانن بمێننەوە. ئیتر هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوا هەر جۆرە ســیستمێکی ســیاسی و ئــایدیالۆژیایان هەبێت، پەرتەوازە یان یەکگرتــوو بێت،

ئابوورییەکی باش یان خەراپی هەبێت، دیمۆکرات یان نادیمۆکرات بێت... توانای مانەوەی نابێت، ئەگەر فاکتەری دەرەکی هاوکار نەبێت.

فاکتەری ناوخۆ لە ئاستێکی تردا گرنگە. کاتێک دەرەفەت هەیە و فاکتەری دەرەکی هاوکارە، ئەو کات فاکتەری ناوخۆ، چ بە پازێتیف یان بە نێگەتیف، دەکرێت ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینێت. بۆ نموونە هەرێمی کوردستان دەکرا سیستمێکی ئابووری باش درووست بکات کاتێک فاکتەری دەرەکی ڕێگەی پێدا سەربەخۆ نەوت بفرۆشێت، نەک لەبەر موچە سازش لە پرسە نەتەوەییەکان بکات بەرانبەر بە عێراق. دەکرا سوپایەکی نیشتیمانی درووست بکات. ئەم دوو فاکتەرە جگە لەوەی لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سوودی گەورەی دەبوو، دەکرا فاکتەرە دەرەکییەکەش بەهێزتر و بەردەوامتر بکات، متمانەی زیاتر بکات، زیاتر هانی بدات بۆ پشتگیری و پاراستن. لە ڕۆژاوا کورد دەیتوانی گوتارێکی زیاتر نیشتمانی، ناسیۆنالیستی و واقعی هەبێت، نەک چەپ و خەیاڵ و دابڕان لە واقعی ڕۆژاوا و سووریا. ئەمە مانای زیاتری دەدا بە هەبوونی ئەو قەوارەیە، ئامانج و ویستەکان ڕوونتر دەبوون، کورد و جیهانیش زیاتر تێدەگەیشتن کە هەسەدە چی دەوێت و ئامانجی چییە! دەبوو لەو بەشەی کوردستانیش هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ درووستکردنی سوپایەکی نیشتمانی. لەم ڕووەوە دەکرێت فاکتەری ناوخۆ ببێتە ئامرازێک بۆ بەردەوامیدان بە هاوکاری و پشتگیری فاکتەری دەرەکی. بەڵام وەک ئاماژەی پێدرا، هەموو ئەو پلان و پێشنیارانەش جێبەجێ بکرایە، ئەگەر فاکتەری دەرەکی نەمێنێت، ئەوا کەوتن و شکست و لەناوچوون نزیکترین ئەگەرە بۆ هەردوو قەوارەکەی کوردستان. چونکە داگیرکەرانی کوردستان سەبارەت بە پرسی کورد، جگە لە ئامرازی ئەمنی، سەربازی و وێرانکەر... هیچ ئامرازێکی تر بەکارناهێنن، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە فاکتەری دەرەکی ڕێگەیان لێ دەگرێت، یان لاواز دەبن و دەکەونە ناو جەنگ و قەیرانی گەورەوە. لە دۆخێکی وادا، کورد هەرگیز ناتوانێت خاوەن سوپا و ئابووری و تەکنەلۆژیایەک بێت کە بتوانێت قەوارەکەی بپارێزێت بەرانبەر بەو جەنگانەی کە بەسەریدا دەسەپێنرێت.

به کورتی ئەوەی کورد لە ڕۆژاوا بەدەستی هێنا، هۆکارە سەرەکییەکەی لاوازی و قەیرانەکانی دیمەشق بوو، هەر کات دیمەشق بەهێز و سەقامگیر بوویەوە، یەک لە دووای یەک دەستکەوتەکانی کورد کەمتر دەبنەوە، ئەگەر فاکتەری دەرەکی بە تەواوی نەمێنێت، ئەوا کۆی قەوارەکە لەناو دەچێت. بۆ گۆڕێنی ئەم چارەنووسە حەتمییە، سەرەکیترین هەنگاو و ئامراز بریتییە لە هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، خودی ئەم هەنگاوەش پێویستی بە چەندین هەنگاو و فاکتەری ترە، کە سەرەکیترینیان فاکتەری دەرەکییە. بۆ دۆخی ڕۆژاوا، فاکتەری ناوخۆ (هەسەدە) جارێ تەنانەت بانگەشەی فێدێراڵیزمیش ناکات! ئەوە تورکیایە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کورد دەیهەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سووریا درووست بکات. پێموایە هەسەدە لەو بارەیەوە، ناڕوونی و کەموکوڕی گەورەی هەیە لە درووشم و بەرنامە و بانگەشەکانی، دوورە لەم سەردەمە و واقعی کوردستان و سووریا. پێویستە هەسەدە ڕایبگەیاندایە کە ئەگەر مافە کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچێوەی قەوارەیەکی فەرمی و یاسایی مسۆگەر نەکرێن، ئەوا ناچارن پەنا ببەنە بەر بژاردەی سەربەخۆیی. ئەمە داواکارییەکانی کورد واقعیتر و ڕوونتر و کاریگەرتر دەکات، کارتێکی گوشاری بەهێزتر دەبێت لەوەی کە لە ئێستاوە داوای لامەرکەزی و بوون بە بەشێک لە سوپای سووریا بکەن.

**ئەستێڵ: ئایا بوونی ئەمریکا و ڕاگەیەندراوە سیاسییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیڵ نەیدەتوانی پاشخانێکی گونجاو بۆ سیاسەتکردن یان بڕیاردانی باڵادەستانەتری کورد بڕەخسێنێت؟**

**نەوزاد:** تا ئێستا، سەرەڕای مەترسی و هەڕەشەکان و دەرکەوتنی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و ترس و گومان و ئامادەیی بۆ سازشی بەپەلە لە لایەن هەسەدەوە لە سەرەتاکانی کەوتنی ئەسەد -لەگەڵ ئەوەی کورد لە هەندێک ناوچەی پارێزگای حەلەب- وەک تەل ڕەفعەت و مەنبج و گەڕەکە کوردییەکانی حەلەب، جۆرێک لە پاشەکشێ و کشانەوەی ئەنجامدا، بەڵام بە گشتی تا ئێستا قەوارەی ڕۆژاوای کوردستان و پێگەی هەسەدە زیانی گەورە و کاریگەری بەرنەکەوتووە لەسەر ئاستی واقع. تا ئەمڕۆ ناوچەیەکی فراوان بە دەست کوردەوەیە، چەک و هێزێکی سەربازی گەورە و باشی هەیە. تا ئێستا تورکیا نەیتوانیوە بڕیاری

ئۆپـراسـیۆنێکی سەربـازی فـراوان بـدات دژ بە ڕۆژاوای کوردسـتان. هەمـوو ئەمـانە بە هۆی هەڵوێستی ئەمریکا و پاشان فاکتەری ئیسرائیلە لە هاوکێشەی سووریا.

ئەگەر فـاکتەری ئەمـریکا و ئیسـرائیل بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا تـورکیا ئەسـتەمە بـتوانێت گـورزی کووشـندە یان زۆر کاریـگەر لە ڕۆژاوا بـدات. کوردانی ڕۆژاوا پێویسـتە هەمـوو هەولێک بـدەن ئەمـریکا بەردەوام بێت لە مـانەوەی لە ڕۆژاوا، بە تـایبەت لە کاتی ئـیدارەی تـرامـپ. بۆ ئەم ئـامـانجە پەیـوەنـدی درووسـتکردن و تەنـانەت ڕێککەوتـن لەگەڵ ئیسـرائیل گـرنـگە، چـونکە هـیچ دەوڵەتێک بە ئەنـدازەی ئیسرائیل ناتوانێت کاریگەری لەسەر ئەمریکا و بە تایبەت ترامپ درووست بکات. نزیکترین و باشترین ڕێگا بۆ گەیشـتن بە دڵی واشـنگتن، ئیسـرائیلە. پێویسـتە کورد بە گشـتی و هەسەدە بە تـایـبەتی ئـیتر نەتـرسـن لە درووسـتکردنی پەیـوەنـدی لەگەڵ ئیسـرائیل. ئەو سـوودەی تـورکیا و جۆلانی و بەنـاو جیهادییەکانی سووریا لە ئیسرائیلیان بینی، ئەوەی ئەوان بۆ ئیسرائیلیان کرد، ئەگەر کورد نیوەی ئەوەی بکردایە دەکرا بە زایۆنیست لە لایەن میدیا و پڕۆپاگاندا و سیاسییەکانی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە. کەچی کاتێک ئەردۆغـان و جۆلانی ئەو کارە دەکەن، دەیکەن بە جـیهاد و شۆڕش! پێویسـتە مـیدیـاکانی کوردسـتان، بە تـایـبەتی ئەوانەی ڕۆژاوا، تەرکیز بـخەنە سەر ئەم جۆرە بـابەت و دوو فـاقـییە و زەقی بکەنەوە.

**ئەستێڵ: گۆڕانکارییەکان خێران و بە پێی پێشبینییەکان ڕەنگە دیسان تورکیا هێرش بکاتەوە سەر ڕۆژاوا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە و هاتنی ترامپ، ئایا ئەگەر هەیە هەمان سیناریۆی پێشوو دووبارە بێتەوە یان لەگەڵ گۆڕانی ئەکتەرە ناوخۆییەکانی سووریا و هاتنەناوەوەی ئیسرائیل، دەکرێ ئەگەرێکی نوێ بێتە ئاراوە؟**

**نەوزاد:** لە پرسـیارەکانی سەرەوە زیاتـر لە چـوارچێوەی کۆمەڵێک گـریـمانە و ئەگەر وەڵامـدراوەتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵێک گـریـمانە و ئەگەری تـر پشـتگوێ خـراون، نەک لەبەر ئەوەی هەڵەن یان ئەگەری ڕوودانیان کەمە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەرەفەت نییە هەموو ڕەهەند و گریمانە و ئەگەرەکان باس بکرێن،

جگە لەوەی کۆمەڵێک گریمانە و ئەگەر هەن لەوانەیە جارێ دەرکیان پێ نەکرێت، یان جارێ درووست نەبوونە.

سەبارەت بە سیناریۆ و ئەگەرەکان بۆ داهاتووی ڕۆژاوای کوردستان و سووریا، چەندین سیناریۆ و گریمانەی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە. لەم جۆرە ململانێ و هاوکێشە ژێئۆپۆڵتیکانەدا چەندین فاکتەر و ویست و پلانی جیاواز و دژ بە یەک کارلێک دەکەن؛ لە ئەنجامدا دەکرێت سیناریۆیەک ڕووبدات کە نەک تەنیا لە لایەن خەڵکی ئاسایی و چاودێران چاوەڕواننەکراو بووە، بەڵکوو تەنانەت بۆ بڕیاربەدەست و هەواڵگری دەوڵەتانی ناو هاوکێشەکە چاوەڕواننەکراوە. چونکە لەم جۆرە ململانێیانەدا تەنیا یەک بکەر و ویست و پلان نییە، یان گرووپێک لە بکەر و ویستی هاوشێوە، بەڵکوو چەندین بکەر و پلانی جیاواز و دژ بە یەک هەن؛ ئەم کارلێکردنە لە کۆتاییەدا دەگاتە ئەنجامێک لەوانەیە کتومت لە هیچ کام لە پلان و ویستەکان نەچێت. تەنانەت لایەنی براوەش کە دەگاتە ئامانجەکەی، کتومت بەو شێوەیە ناگات کە خۆی پلانی بۆ دارشتبوو. بە گشتی بە پێی پێدراوەکانی ئێستا دەکرێت ئاماژە بە چەند گریمانە و ئەگەرێک بکەم بۆ داهاتووی ڕۆژاوا و سووریا:

**گریمانەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا:** ئەگەری ڕوودانی ئەم هێرشە زۆرە، بە تایبەت ئەگەر دۆخی سووریا بە گشتی بەرەو سەقامگیری بڕوات و حکومەتەکەی جۆلانی بتوانێت زۆربەی ناوچەکانی سووریا کۆنترۆڵ بکات.

شێوە و کات و کاریگەری و ڕووبەر و قووڵایی ئەم هێرشە پەیوەستە بە چەندین فاکتەرەوە: 1. هەڵوێستی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕۆڵی گرنگ دەبینن، ئەگەر بە توندی ناڕازی بن، ئەوا هێرشەکەی تورکیا لە ڕووی ڕووبەر و قووڵاییەوە کەمتر دەبێت، زیان و کاریگەرییەکانی بچوکتر دەبن. تەنانەت دەکرێت تورکیا ڕووبەڕووی شکست ببێت 2. ئەگەر ڕێککەوتنیکی نەهێنی هەبێت لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکا کە تورکیا و جۆلانی دەستی ئێران ببڕن لە سووریا و لەبەرانبەردا ئەمریکا دەستبەرداری ڕۆژاوای کوردستان بێت بۆ تورکیا. هەروەها سووریای نوێ بە هیچ شێوەیەک هەڕەشە بۆ ئیسرائیل درووست نەکات و دەستی ئیسرائیلیش کراوە بێت بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی لە سووریا لە کاتی پێویست، یان خود

ناوچەیەکی دیاریکراوی سووریا، بۆ نموونە لوتکەی "جبل الشیخ" بدرێت بە ئیسرائیل. هیچ بەڵگە و هەواڵێکی فەرمی نییە لەبارەی ئەم ئەگەرە، بەڵام پێویستە کورد خەراپترین ئەگەریش لەبەرچاو بگرێت! لەم ئەگەرەدا قەوارەی ڕۆژاوا دەکەوێتە بەردەم مەترسی سڕینەوە و کاولبوون. بە پێی ئاماژەکان تا ئێستا وا دیارە ئەم سیناریۆیە دوورە لە واقعەوە. 3. ئەگەر هەسەدە و حکومەتەکەی جۆلانی نەگەن بە ڕێککەوتن، یان بەرەو ململانێ بچن، ئەوا تورکیا ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و لە ڕێگەی هاوکاریکردنی میلیشیاکانی و جۆلانی هەوڵدەدات گورزی کاریگەر لە ڕۆژاوا بدات. 4. ئەگەر تورکیا بزانێت ئەمریکا هاوکاری هەسەدە دەکات بۆ لێدان لە میلیشیاکانی سەر بە تورکیا، ئەوا دەکرێت سوپای تورکیاش بە شێوەیەکی سەرەکی بەشدار بن لە هێرشەکە. لەم دۆخەدا ئەمریکا خۆی بەدوور دەگرێت لە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی دوو سوپای سەر بە ناتۆ. بەڵام لەم سیناریۆیەدا دەکرێت سوپای تورکیا تووشی زیانێکی گەورە بێت، هاوکات بە ئەگەری زۆرەوە تا قووڵایی ٣٠-٤٠ Km ئۆپراسیۆنی زەمینی ئەنجامبدات. 5. ئەگەر ئەم هێرشە ڕوویدات، لە ڕووی کاتەوە ڕوون نییە کەی ڕوودەدات. وا چاوەڕوان دەکرا هەر لە سەرەتای کەوتنی ئەسەد ڕوویبدات، ئەو دۆخە ئاڵۆز و ناسەقامگیرە بقۆزێتەوە. بەڵام ئەوە ڕووینەدا، دەکرێت لە سەردەمی ترامپ، واتە لە ٢٠/١/٢٠٢٥ەوە ڕوویبدات. یان خود چاوەڕوانی گفتوگۆکانی حکومەتەکەی جۆلانی و هەسەدە دەکات، ئەگەر نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ئەو کات تورکیا ململانێی نێوان جۆلانی و هەسەدە دەقۆزێتەوە. 6. لە کۆتاییدا ئەنجامدانی هێرشی تورکیا تەنیا مانای کۆتایی پێهێنانی ئەزموونەکەی ڕۆژئاوای کوردستان نییە. دەکرێت تورکیا شکست بهێنێت، یاخود زیانێکی کەم و سنووردار لە ڕۆژئاوا بدات. پێویستە هەسەدە هەموو هەوڵێک بدات شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان دووربخاتەوە، هاوکات هەمیشە خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕ و پێکدادانی توند و ماوە درێژ.

**گریمانە و ئەگەری ئەنجامنەدانی هێرشی تورکی بۆ سەر ڕۆژئاوا:** بە پێی بنەماکانی سیاسەتی تورکیا و تێگەیشتنی ئەو دەوڵەتە بۆ ئاسایشی نیشتیمانی خۆی، هەر وەها بە پێی لێدوانە فەرمییەکانی ئەردۆگان و وەزیرەکانی، ئەم ئەگەرە کەمە. ئەم گریمانەیە پەیوەندی بە چەندین فاکتەرەوە هەیە: 1.

ئەگەر سووریا بکەوێتە ناو ململانێ و ناسەقامگیریی و شەڕێکی ناوخۆی تر، بۆ نموونە شەڕی نێوان سوونە و عەلەوییەکان، یان شەڕی نێوان گرووپە سونەکان لە ناو خۆیاندا، یان ڕازینەبوونی بەشێک لە گرووپە جیهادییەکان لە سیاسەتی جۆلانی، یان سەرهەڵدانەوەی داعش... ئەم دۆخە مەترسی و هەڕەشەکان و تەرکیز لەسەر ڕۆژاوای کوردستان دوور دەخاتەوە. 2. ئەمریکا و تورکیا و ئیسرائیل بگەن بە جۆرێک لە ڕێککەوتن لەسەر ڕۆژاوای کوردستان. بۆ نموونە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و بێ چەک لەسەر سنوورەکانی باکووری کوردستان (تورکیا) بە قووڵایی ٣٠ Km. 3. ترسی تورکیا لەوەی تێوەبگلێت بە جەنگێکی ئاڵۆز و پڕ لە زیان و ماوە درێژ. بە تایبەت کە ساڵانێکە قەیرانی ئابووری هەیە. ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل سوور بن لەسەر مانەوە و پارێزگاریکردن لە پێگەی ڕۆژئاوای کوردستان. ٤. ئەگەر هەسەدە و حکومەتی نوێی سووریا بگەنە ڕێککەوتنێک کە تیایدا تورکیا ڕازی بێت بەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی ئەنجام نەدات.

وەک دەردەکەوێت هەردوو گریمانەکە، ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام ئەنجامدانی هێرشەکە ئەگەری زیاترە. فاکتەری ئەمریکا و ئیسرائیل، بە تایبەتی ئیسرائیل، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەو پرسەدا. پێویستە هەسەدە هەوڵبدات جۆرێک لە پەیوەندی و لەیەک تێگەیشتنی هەبێت لەگەڵ ئیسرائیل. گرنگە هەسەدە دەستبەرداری کارتە دۆڕاوەکە بێت، واتە نزیکایەتی و ئەنجامدانی هەر کارێک یان پێشاندانی هەر ئاماژەیەک کە هەسەدە بۆ بەرژەوەندی ئێران کار دەکات، هەڵەیەکی گەورە دەبێت. لێرەدا مەبەست لە کاریگەری پەکەکەیە، لەوانەیە ئێران لە ڕێگەی پەکەکەوە هەوڵبدات لە سنوورەکانی ڕۆژاوای کوردستانەوە دووبارە بگەرێتەوە بۆ گۆڕەپانی سووریا. ڕۆژاوای کوردستان دەبێت بە تەواوی دوور بکەوێتەوە لەم مەترسییە. ئیسرائیل ئاشکرا ڕایگەیاندووە ئەگەر حکومەتی نوێی سووریا دووبارە هەژموونی ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ سەر سنوورەکانی ئیسرائیل، لەوا لێیدەدات. هەر گرووپێکی تری ناو سووریا ئەو ئاماژەیە بدات، ئەوا ئیسرائیل گورزی بەهێزی لێدەدات، بە تایبەت لە ئێستادا ئیسرائیل لە ڕووی سەربازی و هەواڵگرییەوە هێزی سەرەکی ناوچەکەیە.

کارێکی تر کە گرنگە هەسەدە ئەنجامی بدات ئەوەیە کە پەلە نەکات و هەوڵ بدات کات بە فیرۆ بدات لە ئەنجامدانی هەر ڕێککەوتنێکی فەرمی لەگەڵ حکومەتی نوێی سووریا، پێویستە چەند مانگێکی تر چاوەڕێ بێت تا ڕوون دەبێتەوە دۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات. کارێکی هەڵەیە ئەگەر لە ئێستاوە کورد خۆی ببەستێتەوە بە چەند ڕێککەوتن و ئیمزا و بەڵێنێکەوە، چونکە ناسەقامگیری و درووستبوونی پەشێوی و شەڕی ناوخۆ ئەگەری هەیە دووبارە ببێتەوە.

**ئەستێڵ: سپاس بۆ بەشداریتان لەم گفتوگۆیە و هەروەها بۆ ئەم شرۆڤە گشتگیر و فرەلایەنە.**

---

سەرچاوە: بەشی "کاروباری جیهانی" ئەستێڵ.

ڕەنج نەوزاد، خوێندکاری دوکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی وارشۆ-پۆڵەند.